# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ کتێبی
# (خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی)

**- بەشی یەکەم -**

**هیوا ناسیح**

ماوەیەک لەمەوبەر کتێبی (خەبات و پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی) کە هاوڕێ و برای ئازیزم کاک (ئەردەڵان عەبدوڵا) نووسیوەتی و لە ساڵی 2007 لە کەرکوک لە چاپ دراوە، خوێندەوە. ئەم کتێبە کە لە ٢٦٧ لاپەرەی قەبارە مامناوەندی پێکهاتوە، بەوەدا کە لە سەری نوسراوە( کەرکوک 2007) و هیچ ژمارەیەکی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان لە سەر نەنوسراوە، دیارە کە یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان قاچاغە، هەڵبەتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە تابۆیانەی کە لەم کتێبەدا نوسراوە و دەستەڵاتی کوردی پێ قەڵس دەبن.

نوسەر کتێبەکەی کردوە بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: مێژووی پارتیزانی
بەشی دووەم: بزوتنەوەی چەکداری لە جیهاندا
بەشی سێەم: بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا
بەشی چوارەم: سەرەتای تراژیدیایەکی گەورەتر



لە بەشی یەکەمدا، نووسەر باسی لەسەر چەمک و مانای پارتیزانی، مێژووی ئەم دیاردەیە، هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەم جۆرە لە خەبات و بەرخودان کردوە، کە زانیاری باش و بە سودی تێدایە بۆ خوێنەری کوردزمان.
لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا باس لە پەیدابوون و چۆنێتی ئەم دیاردەیە، ڕەوتی بزوتنەوەکان، ئەنجامیان لە پانزە وڵاتی جیاجیای گێتی لە هەر چوار کیشوەری ئەورووپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریکا و ئاسیا دەکات. پێم وایە ئەم بەشە پرسودترین بەشی کتێبەکەیە و زانیاری زۆری بۆ خوێنەر تێدایە، بە تایبەت، کە برای نوسەر سودی لە زۆر سەرچاوەی ئەڵمانی و عەرەبی وەرگرتوە، جگە لە سەرچاوە کوردییەکان. ئەمەش خۆماندوکردنی باشی پێوە دیارە.
بەشی سێیەم، کە باسی بزوتنەوەی چەکدارییە لە کوردستاندا، لە سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، کە نوسەر بە (هەراکەی ئەیلول) ناوی دەبات!! هەروەها دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی شۆڕشەکە و کودەتاکەی قاسم و بوونی بارزانی بە سەرۆکی ئەو حزبە و ...هتد گرتۆتە خۆ، کە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت و من لەم وتارەدا بە کورتی هەندێک لێی دەدوێم.

بەشی چوارەمیش بریتییە لە گەورەترین بەش، کە نزیکەی هەشتا لاپەرەی کتێبەکەی گرتۆتە خۆ. نووسەر لەم بەشەدا کە وەک ڕاپۆرتێکی خودی نوسەر وایە لە سەر شۆڕشی نوێ (دوای ئاشبەتاڵ یان هەرەس) و سەرهەڵدانی یەکێتی نیشتیمانی، گەڕانەوەی پارتی و کوڕانی بارزانی بۆ شاخ، شەڕەکانی براکوژی نێوان حزبە کوردییەکان لە شاخ، حسک، نووسەرانی کورد و شۆڕشی نوێ، ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش، کارەساتی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، زەرەر و زیانەکانی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا، بۆچی ئەم خەباتە

هەڵە بوو؟ سیاسەتی ینک و پدک پاش ڕاپەرین و هەڵەکانی ئەم دوو هێزە سەرەکییەی باشوری کوردستان، دیاردەی ژنکوشتن، تیرۆری سیاسی بە دەست و لەژێر دەستەڵاتی ئەم دوو هێزەدا، کڕینی نووسەران لە لایەن ئەوانەوە و دیاردەی ناوچەگەری. دیارە باسێک لەم هەموو بابەتانە بدوێت، بێگومان کەموکوڕی و ڕەخنەی تێدەکەوێت. بەتایبەت کە برای نووسەر نەهاتوە ڕاپۆرتێکی مێژوویی بنووسێتەوە، بەڵکو ڕاو سەرنجی خۆی، هەڵوێست و بۆچوونی خۆی، ڕخنەی خۆی لە سەر زۆربەی ڕوداو و بەسەرهاتەکان دەربڕیوە.
پێم وایە ئەم بەشە لە کتێبەکە زۆر هەڵدەگرێت، کە دەکرێت دەیان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێت. من بە کورتی لە چەند خاڵێکی ئەم بەشەش دواوم.
لە کۆتایی کتێبەکەدا وەک پاشکۆیەک، دوا وشە، سەرچاوەکان، چەند وێنەو بەڵگەنامەیەک دەگرێتەخۆ، بڵاوکراوەتەوە.

## **زانیاری و ڕایەکانی نووسەر**:

ـ نووسەر کتێبەکەی پێشکەشی گیانی پاکی گاندی مەزن و (مامۆستای شۆڕش) نیلسۆن ماندێلا کردوە، نازانم ئەی بۆ هاوکات پێشکەشی قازی محەمەد (پێشەوا)ی کوردیشی نەکردوە، ئایا ئەویش مهاتما گاندیی گەلی کورد نییە ؟؟!!
ـ لە ل١٢ وە جارێکی تر لە ل ٧٣ دا نووسەر ئازادکردنی کوبا لەلایەن شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتی کاسترۆ و گیڤارا بە (داگیرکردن) ناودەبات !! لە کاتێکدا دەیتوانیت لە بری ئازادکردن لای کەمی وشەی (دەستبەسەراگرتن) بەکاربهێنێت، کە بێلایەنانەیە.
ـ لە ل١٥ دا هاتوە (تورک بە ناوی ئیسلامەوە کەوتنە پەلاماری جیهان. گیڤاراش بە ناوی شۆڕشەوە دەیویست پەلاماری هەموو جیهان بدات)!! بە ڕاستی نووسەر بەم بەراوردە ناهەقییەکی گەورەی کردوە، ئاخر لە کوێ تورک، کە دەیانویست بە خوێنڕشتن خاکی جیهان داگیر بکەن بە گیڤارا دەچوێنرێت؟؟!! نازانم بەڵگە بۆ ئەم قسەیە چییە ؟؟

ـ لە ل١٦ دا نووسەر باس لە کتێبەکەی چ.گیڤارا دەکات، کە سەربوردەی ژیانی خۆیەتی و بە (بیۆگرافی) ناوی دەبات، لە کاتێکدا، ئەو کتێبە دەچێتە خانەی بیرەوەری وە یان ( ئۆتۆگرافی)ەوە، چونکە، بیۆگرافی بە سەربوردەی ژیانی کەسێک دەوترێت کە کەسێکی تر نووسیبێتیەوە نەک خۆی، ئەوی خۆی بەم کارە هەستێت، پێی دەوترێت (ئۆتۆگرافی).
ـ ((ئەم ڕێبازەی گیڤارا، گەورەترین زلە (زیان جوانترە ـ ە. ن) ی لە گەلانی ئەمریکای لاتیندا...))ل٢٣، باشە گەر ئەو پارتیزانە ناسراوە, گەورەترین زیانی لەو گەلانە دابێت، بۆچی وا نزیکەی نیوسەدە پاش گیانبەختکردنی، ئێستاش هەر لای ئەم گەلانە خۆشەویست و بەرێزە و وێنەکەی لە سەر سنگ و دیواری زۆربەیماڵەکاندا هەیە؟ ئایا کاک ئەردەلان پێمان دەڵێت، کاتێک لە بۆلیڤیا (ئیڤۆ مۆرالیس)ی کورە هەژار و پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێش سەرەڕای هەوڵی چەپەڵانەی ئەمریکای زلهێز بۆ شکستپێهێنانی، بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، بۆ لە ڕۆژنامە ناسراوەکانی جیهاندا مانشێتی ( گیڤارا گەڕایەوە) یان (گیڤارا زیندوو بووەوە) یان لێدابوو؟؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە گیڤاراش ئاوا خۆشەویستی هەژاران و ڕەشوڕوتەکان بووە ؟؟

ـ لە ل ٢٦ دا هاتوە، کە گیڤارا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە (نۆکەری ئیمپریالیست) داناوە. باشە لە کام سەرچاوە ئەم وتەیە وەرگیراوە؟؟ خۆزگە نووسەر ناوەکەی دەنووسیت.

ـ لە ل٤١ دا دەڵێیت (... هەر بۆیە پارتیزانەکان بەرپرسی یەکەمن بەرامبەر بەو سیاسەتەی جینۆسایدەی، کە لە دژی جوتیاران دەکرێت)!!!. بەراستی لێرەدا نوسەر هەڵسەنگاندنێکی زۆر هەڵە و نابابەتیانەی بۆ

مەسەلەکە کردوە، باشە با گریمان پارتیزانەکان هەندێک بەرپرسیارەتییان بکەوێتە سەر شان، بەڵام بۆ (بەرپرسی یەکەم) بن!!!؟؟

ـ نوسەر کاتێک باس لە پارتیزانەکانی کوبا دەکات، کە شاری هافانایان ئازاد کردوە، دەڵێت (داگیریانکرد ل١٢ و ل٣٧) کەچی کاتێک باس لە پارتیزانەکانی یۆنان دەکات دەڵێت (بەداخەوە ئینگلیزەکان توانییان بە سەر سوپای رزگاریخوازی یۆنانییەکان سەربکەون...ل٥٣)!! باشە ئەمە پێوانەکردن نییە بە دوو پێوانە، ئایا پارتیزانەکانی هەر دوولا دژی داگیرکاری و دکتاتۆریەت و چەوساندنەوە خەباتییان نەدەکرد ؟؟!!

ـ ل ٨٤ کاک ئەردەڵان لە باسی ڕێککەوتنی دوای جەنگی ناوخۆی سودان لە نێوان حکومەتی سودان و سوپای رزگاریخوازی سودان دەنوسێت (... سەیر لەوەیە سەرکردەکانی هەردوولا هێندە بێشەرمن، چەندین ساڵە بە ناوی نەتەوە و ئاینەوە شەرێکی گەورەیان ناوەتەوە، کەچی لە کۆتاییدا وەک دوو برا ڕێکدەکەون و پێدەکەنن..)، نازانم نوسەر مەبەستی ئەوەیە مادام ئەوان جەنگیان کردوە، ئیتر نابێت ئاشتی بکەن و ڕێکبکەون، یان پیکەنین دوای ڕێککەوتنی شەر قەدەغەیە ؟؟!! ئایا من لێی دەپرسم هەر ئاشتی کۆتایی شەر و ماڵوێرانی بێت باشتر نییە ؟؟ ئەی چارەی شەر چییە، جگە لە دانیشتن و گفتوگۆ و ڕێککەوتن و ئاشتی و پێکەنین وەک دووبرا ؟؟

ـ ل ٩٤ لە باسی وڵاتی چین دوای بیری ماویزم دەکات و ستایشی دەکات و  پێی هەڵدەڵێت و دەنوسێت (بەم جۆرەش جارێکی تر ئاسۆی ڕۆژێکی ڕوناک وڵاتە مەزن و کۆنەکەی چینی گرتەوە.... وائەمرۆ دەبینین کە چۆن چین بۆتە ولاتێکی مەزن و یەکێکە لە هێزە گەورەکانی سەدەی نوێمان..هتد). نازانم برای نوسەر بۆ خۆی لە باسی نادیموکراتیبوونی سیستەمی ئێستای چین و چەوساندنەوەی کەمینە ئیتنییەکانی وەک تیبتییەکان دەدزێتەوە، ئەرێ قەسابخانەی مەیدانی (تیان مین) ی ساڵی ١٩٨٩ی بیرچۆتەوە؟؟ کە تییایدا چەندان هەزار خوێندکاری زانکۆ بوونە قوربانی؟؟ ناکرا بۆ باشتر ناسینی ئەو سیستەمە بە دێڕێکیش باسی بکات ؟؟

ـ ل ١٠٢ کاتێک باس لە بزوتنەوەی چەکداریی رزگاریخوازی فەلەستین دەکات دەنوسێت (... هەرچی شێوازی ناشرین و ناشارستانی هەبوو لە دژی دەوڵەت و گەلی ئیسرائیل بەکاریان دەهێنا. بە شێوازێکی زۆر فاشیستانە و نازییانە...هتد). دیارە من ناڵێم فەلەستینییەکان کەم و کوری و هەڵەیان نەبوو، بەڵام ئایا نازانم بۆ نوسەر باس لە تاوانە قێزەونەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەرامبەر ئەوان ناکات ؟؟ ئایا ناکرێت بڵێین ئەو هەڵانەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی فەلەستین پەرچەکرداری کارە دڕندانەو نامرۆڤانەکانی سوپای ئیسرائیل، وەک قەسابخانەکانی سەبرا و شاتیلا بوو؟؟

ـ ل١٢٦ لە باسی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولدا، دەنوسێت ( جارێکی تریش سەرۆک خێڵێک لە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئاگرێکی گەورەی بۆ خەڵکی ڕەشوروتی کورد نایەوە...) جارێ پێم وایە برای نوسەر بە دەربڕینی (جارێکی تریش) هەموو سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی تری پێشوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمە بە ڕای من ناهەقییە. ئاخر هەرچی بابەتییانە هەڵسەندگاندنێک بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەرینەکانی کورد بکات لە مێژوودا، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت، کە هەموویان ئەنجام بوونە نەک هۆکار، واتە لە ئەنجامی چەوساندنەوە و داگیرکردنەوە هەڵگیرساون، پاشان سەبارەت بە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکان لە لایەن سەرۆکخێل و پیاوانی ئاینییەوە، ئەمە گەر بە چاوی شوێنکات سەیری ئەو ڕوداوانە بکەین، ئەوان تەنها کەسایەتییەک بوونە کە بتوانن ڕابەرایەتیی ئەو سەرهەڵدانانە بکەن، چونکە ئۆتۆریتە و نفوزیان هەبووە. بەڕای خۆم پێم وایە بارزانی سەرەڕای هەموو ئەو کەموو کوری و هەڵە زۆرانەی کردونی، بەڵام ڕەوایەتیی خۆی وەک سەرکرەیەکی گەلێکی ئازادیخواز و بزوتنەوەکەی وەک شۆڕشی گەلێکی چەوساوە لە دەست نەداوە.